**گۆڤاری (ELSEVIER) و کوردستانی گەورە**

(ELSEVIER) گۆڤارێکی ڕامیاری هۆڵەندیە ، لەژمارە ٦٣ مانگی ئەپرێلی ئەمساڵ باس لەکوردستانی گەورە دەکات هەروەها تێیدا هاتوە کە کوردەکانی باشور تورکیای نیگەرانو هەراسان کردووە بە پەیوەندی پتەووهاوڕێتی لەگەڵ وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا. هەروەها ئاشکرای کردوە کە گرژیەکی زۆر ئێستابە دی دەکرێت لە نێوان تورکیاو ئەمەریکا بەهۆی پشتگیری و هاوکاری ولاتە یەکگرتوەکان بۆ کوردەکانی باشوری کوردستان. خۆئامادە کردنی تورکیا بۆهێرشکردنە سەر کوردستان بە بیانوی (پ ک ک) و کەرکوك خاڵێکی تری بابەتەکەیە ، دەڵێت کەرکوك هێڵی سورە بۆهەرلایەك جگە لە کوردەکان ، چونکە کەرکوك کوردستانیە .. گەر تورکیا دەست بخاتە کاروباری کەرکوك ، ئەوا کوردیش بەرگری لە کوردستانیەتی ئامەد وجزیرو..... هتد (کوردستانی باکور) دەکات هەروەك لە چاوپێکەوتنێکی سەرۆکی هەرێم بەڕێز (مەسعودبارزانی) دا هاتووە ، ئەمەش تورکیای زیاترنیگەران کردووە .

تورکیاش ئەمە جاری یەکەمی نیە ، بەلام هەڕەشەی ئەمجارە زۆر ڕون و ئاشکرایە ، ئەوە ڕیکلامێکە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەی تورکیا . بەلام ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا تورکیای ئاگادارکردۆتەوە کە هەر هەولێك بۆ هێرش کردنە سەر باشوری کوردستان بڤەیەو هەڵەیەکی گەورەیە .

جێگای دڵخۆشیە لەژێرناوی کوردستانی گەورە ، ئەم نەخشەیەی کوردستانی مەزن دانراوە .

www.rizgarkoyi.com

Holland

